# کەسایەتیی (بۆداق سوڵتان) لە دیدی مێژووەوە

پ. د. کەیوان ئازاد ئەنوەر
(زانکۆی سلێمانی- بەشی مێژوو)

( ١- ٢ )

## پێشەکی

(بۆداق سوڵتان) بەیەکێک لە کەسایەتییە دیارەکانی کورد و ناوچەی موکریان دادەنرێت، کە ڕۆڵێکی بەرچاوی لە پێشخستنی ژیانی سیاسی و ئایینی و کۆمەڵایەتی و ئابووریی ناوچەی موکریاندا هەبووە. ئەو یەکێک بوو لە میرەکانی ئەو ناوچەیە و فەرمانڕەوایانی موکری، کە لە ماوەی دەسەڵاتیدا چەندان خزمەتی بە هاونەتەوە و هاونیشتمانییەکانی بەگشتی و ناوچەکە بەتایبەتی گەیاندووە.

بۆ ئەو مەبەستە ئەم لێکۆڵینەوەیەمان لەپێناو تیشک خستنە سەر لایەنێکی گرنگی ژیانی، بەناوونیشانی (کەسایەتیی بۆداق سوڵتان لە دیدی مێژووەوە) ئامادە کرد. بۆ ئەم کارەشمان پشتمان بە چەندان سەرچاوە بە زمانی (کوردی، فارسی، عەرەبی، تورکی) بەست، تا باشتر و زانستییانەتر بچینە نێو ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەو کەسایەتییە و شیکارێکی زانستی بۆ سەردەمەکەی و کارە خزمەتگوزارییەکانی بکەین.

لەم لێکۆڵینەوەیەشدا دوای خستنەڕووی پێگەی جوگرافی (ناوچەی موکریان) و چەمک و زاراوەی موکریان و مێژووەکەی، تیشکمان خستووەتە سەر بنەماڵەی (بۆداق سوڵتان) و ژیانی و بەشێک لەو خزمەتانەی پێشکەش بە ناوچەکانی ژێر دەسەڵات و سەردەمەکەی کرد. بەهیوای ئەوەشین ئەم کارەمان کەلێنێک لە ژیان و مێژووی سیاسی ئەو کەسایەتییە پڕ بکاتەوە.

## پێگەی جوگرافی و پێکهاتەی کارگێڕی ناوچەی موکریان

بەر لەوەی بچینە نێو باسەکە و بۆ ئەوەی چوارچێوەی ئەو ناوچەیە دیاری بکەین، کە (بۆداق سوڵتان)ی لێ دەرکەوت و بە دەسەڵات گەیشت، پێویستە ئاماژەیەکی کورت بە پێگەی جوگرافیی ناوچەی موکریان و پێکهاتە کارگێڕییەکانی بکەین، تا بەهۆیەوە لە واقیع و گرنگی سەردەمەکە و لێهاتوویی ئەو کەسایەتییە بگەین. لەو بوارەشدا ناوچەی موکریان ئێستا کەوتووەتە نێو سنووری ئوستانی (ئازەربایجانی خۆرئاوا)، کە مەڵبەندەکەی شاری (ورمێ)یە. خودی ئوستانەکەش لە باکوورەوە هەردوو کۆماری (ئازەربایجان و ئەرمەنستان) و لە باشوورەوە ئوستانی (کوردستان) و لە خۆرئاواشەوە هەردوو ئوستانی (ئازەربایجانی خۆرهەڵات و زنجان) دەوروویان داوە.

ئوستانەکە لە (١٣) شارۆچکە و (١٠٣) شارەدێ و (٣٢٢٧) گوند پێکهاتووە. شارستانەکانیش هەریەک لە (ورمێ، مەهاباد، بۆکان، پیرانشار، نەغەدە، خۆی، سەردەشت، سەڵماس، سایین قەڵا، ماکۆ، میاندواو، شنۆ) پێکهاتوون (١). بەر لە سەدەیەکیش لە (٧٥٠) گوند و شارۆچکەیەک پێکهاتبوو، کە مەڵبەندی خێڵی بڵباس بوو(٢)، هەرچی بۆ سەردەمی دەسەڵاتی میرانی موکریان و بەتایبەت ئەو سوڵتانە دەگەڕێنەوە، دەگەینە ئەوەی، کە لەو سەردەمەدا ناوچەکە بەگشتی گوندنشین و خێڵەکی بووە، تەنیا خاوەنی یەک شارستان بووە، بۆیە جێگەی سەرنج بووە لە ناوچەیەکی وەهادا بیر لە دروستکردنی ژیانێکی شارستانیانە و شاری نوێ بکرێتەوە. هەر وەک ئەوەی لە سەردەمی (میرنشینی بابان)دا تا دروستکردنی شاری (سلێمانی) لە ساڵی (١٧٨٤ز)دا یەک شار نەبوو، بەڵکوو خاوەنی چەند گوندێکی گەورە و بچووک بوو، تا ئەوەی بەشێکی دانیشتوانەکەی نیشتەجێ و بەشێکی تری کۆچەری بوون (٣)، هەر بۆیە بۆ ئەو ناوچەیە جێگەی بایەخ بوو، خاوەنی شارێک بێت.

## چەمک و زاراوەی (موکریان)

سەبارەت بە زاراوەی (موکریان) بۆچوونی جیاواز هەن. لەم بارەوە (شەرەفخانی بەدلیسی) زاراوەکەی بۆ (مەکر) گێڕاوەتەوە، بەمانای (فرتوفیڵ). مەبەستی ئەویش ناسینی باپیرە گەورەی ئەم بنەماڵەیە بووە بە کەسایەتییەکی (مەکربان). دیارە ئەوەش بەهۆی زیرەکی و لێزانی و وریاییەوە بە (مەکر) ناسراوە و دواتر بووەتە (مەکرۆ) (٤)، نەوەک فێڵباز و خراپەکار و ستەمکار، لەوەوەش زاراوەی (موکریان) بۆ ناوی ئەو ناوچەیە وەرگیراوە، کە ئەو کەسایەتییەی تێدا ژیاوە. لەگەڵ ئەوەیش بۆچوونەکەی (شەرەفخانی بەدلیسی) لە ڕاستییەوە نزیکە، بەڵام لەوەدا گومانی لەسەرە، کە ئەو ئاماژەی بەناوی ئەو میرە کوردە نەکردووە (٥)، بۆ ئەوەی بزانرێت بەڕاستی کەسێکی زیرەک و وریا و فێڵاوی بووە، یان نا، تا ناوی ناوچەکەی لێ وەرگیرابێت؟

(محەمەد ئەمین زەکی بەگ)یش مێژووی زاراوەکەی بۆ ناوی دامەزرێنەری میرنشینەکە (سەیفەددینی موکری) گێڕاوەتەوە و پێی وابووە ناوی ناوچەکە لە نازناوی ئەو کەسایەتییەوە هاتووە (٦). ئەم بۆچوونەش لە ڕاستییەوە نزیکە، چونکە ناوی زۆر لە ناوچە و هەرێمەکانی کوردستان، تەنانەت جیهانیش لە قۆناغەکانی مێژووی کۆن و ناوەڕاست و نوێشدا، بەناوی گەورەی بنەماڵەکەوە هاتووە وەک (ماد، ساسانی) لە قۆناغی مێژووی کۆن (٧)، هەروەها (ڕەوادی، حەسنەوی، شەدادی، ... تاد) لە

قۆناغی مێژووی ناوەڕاست و (ئەردەڵان، بابان، ....تاد) لە قۆناغی مێژووی نوێ، لەم بوارەشدا زاراوەی (ڕەوادی) لە (ڕەواد) وەرگیراوە، کە ناوی سەرۆکی خێڵی (ڕەوەند)ی کوردی بووە، ئەو کەسایەتییەی (میرنشینی ڕەوادی) دامەزراند (٨).

زاراوەی (حەسنەوی)ش بۆ ناوی (حەسنەوی کوڕی حوسێنی بەرزیکانی) دەگەڕێتەوە، کاتێک دوای کۆچی دوایی باوکی (حوسێن) لەساڵی (٣٥٠ک/٩٦١ز) بووە فەرمانڕەوای میرنشینی حەسنەوی (٩)، (شەدادی)ش لەناوی (شەداد)ی دامەزرێنەری میرنشینەکەوە وەرگیراوە، ناوی کەسایەتییەکی شاری (دوین) و سەرۆکی تیرەیەکی کوردی هەرێمی ئاران بوو، کە لە سەرەتای سەدەی چوارەمی کۆچی بەرانبەر بە سەدەی دەیەمی زایینی سەرۆکی ئەو تیرەیە بووە (١٠)، هەرچی زاراوەی (ئەردەڵان)یشە بۆ دامەزرێنەری میرنشینەکە بۆ ناوی (خسرەوخانی ئەردەڵان) دەگەڕێتەوە (١١). زاراوەی (بابان)یش، کە دواتر بووە ناوچە و قەڵەمڕەوی دەسەڵاتێک لەناوی دامەزرێنەرەکەی (میربۆداغ بەگی بەبە)ـەوە وەرگیراوە (١٢).

(شەمسەددینی سامی)ش زاراوەکەی بۆ (موکریت) گێڕاوەتەوە، کە خێڵێکی تورکمانی بووە و لە سەدەکانی ناوەڕاست و دواتری لەوێ ژیاون. لاشی وابووە زاراوەی (موکری) لە (موکریت)ـەوە هاتووە (١٣)، لەوەشەوە دەگەینە ئەوەی، کە ئەو زاراوەناسەی تورک، ویستوویەتی ڕیشەی ناوی (موکریان) و خێڵی (موکری) بۆ ڕەگەزی تورکمان بگێڕێتەوە، کە ئەوەش لە ڕاستییەوە دوورە.

(مەلاجەمیل ڕۆژبەیانی)ش وەک مێژوونووسێکی کورد دوای بەراوردکردنی هەردوو ڕاکەی (شەرەفخانی بەدلیسی و شەمسەددینی سامی) گەیشتووەتە ئەوەی، کە ڕیشەی زاراوەکە نە (مەکر)ـە و نە (مەکریت)، بەڵکوو (موغ ڕێ)یە، بەڵگەی ئەویش بۆ ئەوە بوونی (ئاتەشکەدەی ئازەرگوشتاسب)ی زێدی یەکەمی (زەردەشتی کوڕی پورشاسپ)ی پەیامبەر بووە، لای باشووری خۆرئاوای دەریاچەی ورمێی ناوچەی موکریان. بەبڕوای ئەو مێژوونوسەش ئاتەشکەدەکە لای پەیڕەوانی زەردەشتی، تەنانەت دەسەڵاتدارانی هەخامەنشی و ئەشکانی و ساسانی پیرۆز و گرنگ بووە، بۆیە بووەتە سەرە ڕێگەی موغەکانی زەردەشتی و پەیڕەوانی ئایینەکە و ئەو دەسەڵاتدارانە بۆ لای زێدی یەکەمی پەیامبەرەکەیان و ئەو ئاتەشکەدە پیرۆزە، هەر بۆیە زاراوەی (موکریان) لە (موغ ڕێیان) هاتووە، واتە (ڕێگەی موغەکان) (١٤). ئەم بۆچوونەش لەوەدا جێگەی سەرنجە، کە ڕاستە ناوچەکە پێگەی ئەو ئاتەشکەدەی زەردەشتییەکان و ڕێگەی موغەکان و پەیڕەوانی ئەو ئایینە بووە بۆ گەورەترین ئاتەشکەدەیان لە شاری (شیز) (١٥)، بەڵام پێناچێت لەو سەردەمە و دواتریشدا بە (ڕێگە) وترابێت (ڕێ)، تا زاراوەی (موکریان) لە (موغ ڕێ)، یان (ڕێی موغەکان) وەرگیرابێت.

(نازناز محەمەد عەبدولقادر)یش، کە نامەی ماستەرەکەی بۆ (میرنشینەکانی کوردستانی خۆرهەڵات لە سەردەمی فەرمانڕەوایی قاجارەکان) تەرخان کردووە، گەیشتووەتە ئەوەی، کە زاراوەی (موکریان) لە سەدەی چواردەیەمی زایینی کەوتە نێو لاپەڕەکانی مێژوو، بەڵام هیچ ئاماژەیەکی بە مێژووی زاراوەکە نەداوە (١٦).

بە بڕوای ئێمەش مێژووی زاراوەکە وەک ناوێک بۆ ناوچەیەک زۆر پێدەچێت بۆ دامەزرێنەری میرنشینەکە بگەڕێتەوە، وەک مێژوونووسی کورد (محەمەد ئەمین زەکی بەگ) بۆی چووە و پێشتریش لەو بارەوە، زانیاریمان خستەڕوو.

## (موکریان) بەر لە دەرکەوتنی (بۆداق سوڵتان)

سەبارەت بە زاراوەی (موکریان)یش ئەوەندە زانراوە، کە لە سەدەی چواردەیەمی زایینی کەوتووەتە نێو ناوان و (ساوجبلاق)یان بە واتا کوردییەکەی (سابلاخ - مەهاباد) مەڵبەندی بووە (١٧). بە پێی تۆمارێکی خۆرهەڵاتناسی رووسی (خاڵفین) لەو دەمەدا ناوچەکە خاوەنی (٧٥٠) گوند بووە (١٨). لەگەڵ ئەوەشدا دیارە ئەم ناوچەیە لەپاڵ ناوچەکانی (لورستان و کرماشان و ئەردەڵان)دا بە مەڵبەندە گەورە کوردنشینەکانی دەوڵەتە یەک لەدوای یەکەکانی (سەفەوی، ئەفشاری، زەند، قاجاری) ئەژمار کراوە (١٩). لەبەر بایەخ و شوێنەکەشی کەوتووەتە بەر شاڵاوی دەوڵەتی (ئاق قۆینلۆی تورکمانی)، کە لەنێوان ساڵانی (٧٨٠ - ٩١٤ک/١٣٧٨-١٥٠٨ز)دا فەرمانڕەوایەتی بەشێکی خاکی ئێران و ناوچەی موکریانیان کردووە، تەنانەت لەو سەردەمەشدا، ناوچەکە کەوتووەتە بەر شاڵاوی ئەو بنەماڵە تورکمانییە و تاڵانیان کردووە (٢٠).

ئەمەو بێجگە لەوەی هەوڵێک بۆ ژەهراوییبوونی دەشتی (موغان)یش دراوە و زیانێکی زۆری بە سامانی ئابووری خێڵە کوردەکانی ناوچەکە گەیاندووە (٢١).

کاتێکیش سەفەوییەکان گەیشتنە دەسەڵات بیریان لەوە کردەوە بۆ باشتر چاودێریکردنی شاری (سنە)ی مەڵبەندی میرنشینی ئەردەڵان، هەردوو شاری (کرماشان و ورمێ) بکەنە دوو شار و ناوچەی سەربازی، کە دیارە ئەوەش لەبەر بایەخ و گرنگی و دەسەڵاتی هۆزی موکری و ئەردەڵانییەکان بوو، لە نێوەندی هەردوو شاری (کرماشان و ورمێ)دا (٢٢).

لێرەوەش لە ناوچەی موکریان، هۆزی موکری لە شار و ناوچەکانی (گاو دۆڵی، مەراغە، سندوس، میاندواو) نیشتەجێ بوون (٢٣). زۆری نەخایاند بوونە هێزی یەکەم و دەسەڵاتداری ناوچەکە و بوونە هۆکاری ناسرانیشی.

## بنەماڵە میرانی موکری و (بۆداق سوڵتان)

مێژووی ئەم بنەماڵەیە سەرنجی زۆر لە مێژوونووسانی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە. لەم بارەوە (شەرەفخانی بەدلیسی) ڕیشەی ئەوان بۆ ناوچەی شارەزوور و بنەماڵەی بابانەکان گێڕاوەتەوە (٢٤). (نازناز محەمەد عەبدولقادر)یش هەمان ڕای بووە (٢٥). (محەمەد ئەمین زەکی بەگ)یش بۆ گوندی (دارشمانە)ی ناوچەی پشدەری گێڕاونەتەوە، کە مەڵبەندی یەکەمی بابانەکان بووە (٢٦)، ئەمەش ڕای (حوسێن نازم بەگ) (٢٧) و (د. عیماد عەبدولسەلام ڕەئووف)ە (٢٨). بەبۆچوونی خۆرهەڵاتناس (ڕاجر سیڤری)ش بەر لە دەرکەوتنی دەوڵەتی سەفەوی ناوچەی موکریان لە باشووری (دەریاچەی ورمێ)وە بەدەست بنەماڵە و میرانی موکرییەوە بووە (٢٩).

دەرکەوتنی ئەم بنەماڵەیە و تەنانەت دامەزرێنەری دەسەڵاتێک بەناوی (میرنشینی موکری) بۆ (میر سەیفەددینی موکری) دەگەڕێتەوە، کاتێک توانی خێڵەکانی موکریان کۆبکاتەوە و یەکێتییەکی هۆزایەتییان لەناودا دروست بکات (٣٠)، دواتر بچنە سەر خێڵی (چابقلوی تورکمانی)، کە ناوچەی (دەریاس)یان لەبن دەست بوو، بەوەش لەو ناوچەیە دەریانکردن و خۆیان دەستیان بەسەردا گرت. هەموو ئەو هەوڵانەش بەهۆی لێهاتوویی و زەیرەکی و وریایی (میر سەیفەددینی موکری) و هۆزەکەیەوە سەرچاوەی گرت، کە سیاسییانە مامەڵەی لەگەڵ خودی بنەماڵە و خێڵەکەی و هۆز و بنەماڵەکانی ناوچەکە، تەنانەت دەسەڵاتدارەکانی سەردەمەکەش کرد (٣١).

هـەر ئـەوەش وای کـرد نێوانــی ئـەم میــرە و بنەماڵــەی ســەفەوی و خــودی (شــا ئیســماعیلی ســەفەوی ٩٠٦ - ٩٣٠ک/ ١٥٠٠ - ١٥٢٤ز) زۆر خــۆش بێــت، چونکــە ئــەوە لــە بەرژەوەندیــی شــای ســەفەوی بــوو، کــە دەســەڵاتدارێکی بەهێــز ناوچەیــەک بەڕێــوە ببــات، تــا بەهــۆی ململانێــی هۆزایەتــی و خێڵایەتییــەوە، پەشــێوی و نائارامــی دروســت ببێــت، بەتایبــەت دوای ئــەوەی ناوچەکــە، لــە پایتەختــی دەوڵەتەکــەی لــە (تەوریــز) نزیــک بــوو، کەچــی ئــەم پێوەندییە لە ســەردەمی (ســارم کــوڕی میــر ســەیفەددین) ڕووی لــە تێکچــوون کــرد، تــا ئــەوەی ناوچەکانــی ژێــر دەســەڵاتی کەوتــە بندەســتی ســەفەوییەکان. دیــارە ئــەوەش لــە ســاڵی (٩٢٠ک/١٥١٤ز) بــوو، کاتێــک (ســارم بــەگ) لــە شــەڕی (چاڵدێــران)دا پشــتی کــردە شــای ســەفەوی و ڕووی لــە (ســوڵتان ســەلیمی یەکەم ٩١٨- ٩٢٦ک/ ١٥١٢- ١٥٢٠ز) و دەوڵەتی عوســمانی کــرد (٣٢).

ئاسایی ئەو کارەی (سارم بەگ)یش لە هەستی ئایینییــەوە ســەرچاوەی گرتبــوو، بــەوەی خــۆی و هۆزەکــەی وەک عوســمانییەکان لــە پەیڕەوانــی سوننە بــوون، بــەڵام ســەفەوییەکان لــە پەیڕەوانــی شیعە، هەروەها دواتریش کەوتــە ژێر کاریگەریی هەوڵەکــەی (مــەلا ئیدریســی بەدلیســی)، کــە لەلایــەن ســوڵتانی عوســمانییەوە ڕاســپێررابوو، تــا لەگــەڵ میــر و ســەرۆک هــۆز و ســەرۆک خێڵەکانــی کــورد بکەوێتــە گفتوگــۆ و پشــتیوانی لــە هەوڵەکانی و دەوڵەتەکــەی بکــەن، ئــەوەش لــە بەرانبــەر مانەوەیــان لــە دەســەڵات و پاریزگارییــان لەلایــەن دەوڵــەت و ســوڵتانی عوســمانی (٣٣)، هــەر بۆیــە ئــەوەش وای کــرد دواجــار بــە تــەواوی ڕووو لــە عوســمانییەکان و پشــت لــە ســەفەوییەکان بــکات و لەلایــەن (ســوڵتانی عوســمانی) ڕێــزی لــی بنرێــت. ئــەو کارەی ســوڵتانی عوســمانیش لەلایــەک بــۆ پێگــە و هێــزی میــری موکــری و لەلایەکــی دیکــەوە لــە ناوچــە کوردنشــینەکان بــۆ بەهێزبوونــی پێگــەی خــۆی و دەوڵەتەکــەی بــوو (٣٤). ئــەو هەڵوێســتەی (سارم بەگ)یش زۆر ئاســایی بــوو، چونکــە میرە کــوردەکان بــەردەوام بەپێــی شــوێنی جوگرافییــان و بوونــی دوو زلهێــزی وەک (ســەفەوی و عوســمانی) لــە دەوریــان، هەمیشــە لــە بیــری ئــەوەدا بــوون بــۆ لای هێزیکی گەورەتــر لــە خۆیــان بگەڕێنــەوە، تــا لــە هێــزی بەرانبەرەکــەی ڕزگاریــان ببێــت، دیــارە ئــەوەش کاتێــک عوســمانییەکان بەهــۆی ســەرکەوتنیان لــە (شــەڕی چاڵدێــران) لــە (٢٣ی ئابــی١٥١٤ز)، بوونــە هێــزی یەکەمــی ناوچەکــە (٣٥).

دوای کۆچــی دوایــی (ســارم بەگ)یــش هیــچ یــەک لــە کوڕەکانــی (قاســم، ئیبراهیــم، عەمــرۆ) نەیانتوانــی بگەنــە پایــەی دەســەڵات، چونکــە بــەر لــە کۆچــی دوایــی باوکیــان ئەوانیــش کۆچــی دواییــان کردبــوو، بۆیــە دوای خــۆی (ڕۆســتەم بەگــی کــوڕی بابــا عەمــرۆ) و دواتریــش (شــێخ حەیدەر کوڕی ڕۆستــەم بــەگ) یــەک لــەدوای یــەک شــوێنیان گرتــەوە (٣٦).

کاتێــک (شــێخ حەیــدەر) پایــەی میــری وەرگــرت، لــە (شــا تەهماســبی ســەفەوی/٩٣٠- ٩٨٤ک/ ١٥٢٤ - ١٥٧٦ز) نزیــک بــووەوە، بــەوەش پشــتی کــردە (ســوڵتان سولەیمانی قانوونــی/ ٩٢٦- ٩٧٤/ ١٥٢٠ - ١٥٦٦ز)، کــە دوای (ســوڵتان ســەلیمی یەکــەم)ی باوکی، گەیشتە دەسەڵات. بەو هۆیەوەش ناوچەکان و پێگــەی پێشــووی بنەماڵەکــەی، لای شــا و بنەماڵــەی ســەفەوی بــۆ گەڕایــەوە. لــەو بوارەشــدا هەڵــەی نەکــرد، چونکــە پێگــەی ناوچــە و دەســەڵاتی، لــە ســەفەوییەکانەوە نزیکتــر بــوو، تــا عوســمانییەکان. ئەو هەڵوێســتەی (شــێخ حەیدەر)یــش وای لــە (ســوڵتان

سولەیمانی قانوونی) کرد بە هاوکاری (سوڵتان حوسێن)ی میری میرنشینی بادینان و (زەینەڵ بەگ)ی میری هەکاری، هەروەها میرانی برادۆست، شالاوێک بکاتە سەر ناوچەی موکری و سوپاکەی (شێخ حەیدەر) ڕووبەڕووی شکست بکاتەوە، تا ئەوەی بەهۆی ئەو شالاوەوە، نەک هەر بەشێکی ناوچەی موکریان کەوتە دەست عوسمانییەکان و هاوپەیمانە کوردەکانی، بەڵکوو خودی (شێخ حەیدەر)یش لەو شالاوەدا کوژرا. بە کوشتنی ئەویش (میرە بەگ کوڕی حاجی عومەر) گەیشتە پایەی میر و دواتر (میرە بەگ کوڕی شێخ حەیدەر) شوێنی میری پێشووی گرتەوە (٣٧). بەپێی چەند تۆمارێکی مێژووییش (شا عەباسی یەکەم/ ٩٨٦-١٠٥٣ک/ ١٥٧٨- ١٦٤٣ز) بەهۆی شەڕەکانی لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی، ناوچەی موکریانی وەک سەرە ڕێگەی شەڕەکانی بەکارهێنا و بەهۆیەشەوە ناوچەکە و سەر و سامانی هاووڵاتییەکانی دووچاری زیانی گەورە کرد (٣٨). بەو پێیەش ناوچەی موکریان و میرەکانی کەوتنە نێو بەرداشی شەڕ و ململانێی شاکانی سەفەوی و سوڵتانەکانی عوسمانی.

(قوبادخان کوڕی شێخ حەیدەر)یش میرێکی دیکەی ئەو میرنشینە بوو (٣٩)، کە بەهۆی هاوکاری نەکردنی (شا عەباسی سەفەوی) لە شالاوەکەیدا بۆ گەمارۆدانی (قەڵای دمدم) لە ساڵی (٦١٠ز) کوژرا (٤٠). بەدوایدا (شێرە بەگ) بووە سەرداری موکری و لەساڵی (١٠٣٣ک/١٦٢٤ز)یش بەسەر قزڵباشەکاندا سەرکەوت (٤١). دیارە ئەمیش دوای (چواردە) ساڵ لە دەسەڵات لە ساڵی (١٠٣٨ک/١٦٢٩ز)دا کۆچی دوایی کرد (٤٢) و جڵەوی دەسەڵاتی بۆ کوڕەکەی (بۆداق سوڵتان)، یان بە واتایەکی تر (سوڵتان بۆداق) بەجێهێشت.

**پەراوێزەکان:**

١. د. عەبدوڵڵا غەفوور: کوردستان دابەشی کارگێڕی تریتۆری (١٩٢٧ - ١٩٩٧)، چاپی دووەم، چاپخانەی ئۆفسێتی دێکان - سلێمانی، هەرێمی کوردستانی عێراق، ٢٠٠٣ز، ل(١٥٦، ١٧١ - ١٧٢)، ریحانە جعفري: استانهای ایران - کاتبی برای تحقیق دانش اموزان، چاپ دوم، انتشارات خشایار - تهران، ایران، ١٣٨٢ه.ش، صص٥ - ٦، نازناز محەمەد عەبدولقادر: میرنشنەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات لە سەردەمی فەرمانڕەوایی قاجارییەکاندا - لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی، ڕامیاری، ئابوورییە، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە - هەولێر، هەرێمی کوردستانی عێراق، ٢٠٠٢ز، ل٤٨.

٢. عبدالقادر رستم بابانی: سەر الاکراد در تاریخ و جغرافیای کردستان، بە اهتمام: محمد رئوف توکلی، چاپ دوم، چاپخانە گلبانگ - ایران، ١٣٧٧ه.ش، ص١١٠.

٣. نەوشیروان مستەفا ئەمین: کورد و عەجەم - مێژووی سیاسی کوردەکانی ئێران، چاپی دووەم، سلێمانی، هەرێمی کوردستانی عێراق، ٢٠٠٥ز، ل١١٢.

٤. : الشرفنامة في تاريخ الدول والامارات الكردية، ترجمة: محمد جميل الملا احمد الروزبياني، الطبعة الثانية، مؤسسة موكرياني للطباعة والنشر - اربيل، اقليم كردستان العراق، ٢٠٠١م، ص٤٨٤ - ٤٨٥.

٥. الشرفنامة: س.پ، صص٤٨٤ - ٤٨٦.

٦. : خولاصەیەکی تاریخی کورد و کوردستان، چاپی دووەم، چاپخانەی شڤان - سلێمانی، هەرێمی کوردستانی عێراق، ٢٠٠٤ز، ٢/٢٣٧.

٧. بۆ ئەم مەبەستە، بڕوانە: ((حسن پیرنیا و عباس اقبال اشتیانی: تاریخ ایران - از اغاز تا انقراض ساسانیان از صدر اسلام تا انقراض قاجاریه، چاپ دوم، انتشارات میلاد - تهران، ایران، ١٣٨٥ه.ش، ص١٧٨، تورج دریایی: شاهنشاهی ساسانی، ترجمە: مرتضی ثاقب فر، چاپ پنجم، انتشارات ققنوس - تهران، ایران، ١٣٩٠ه.ش، ص٥٩، د.کەیوان ئازاد ئەنوەر: چەردەیەک لە مێژووی کورد، چاپی

حەوتـەم، چاپخانـەی چوارچـرا - سـلێمانی، هەرێمـی کوردسـتانی عێـراق، ٢٠١٣ز، لـل(٤٥ - ٥٤).
٨. محمد أمين زكي: س.پ، ٢٤/٢.
٩. البدليسـي: س.پ، ل١١١، محمـد أميـن زكـي: س.پ، ٦١/٢.
١٠. أدمونـد بـورپ: سلسـلەهای اسـلامی، ترجمـە: فريدون بدرای، چاپ اول، تهران، ايران، ١٣٦٣ه.ش، صـص١٤٥ - ١٤٦
١١. ميـرزا شـكرالله سـنندجی - فخرالكتـاب: تحفـه ناصـره در تاريـخ و جغرافيـای كردسـتان: مقابلـه و تصحيح و حواشی و تعليقات بـه انضمـام پنج مقالـه درباره قبايل كرد: د. حشمت الله طبيبی، چاپ دوم، انشـتارات اميـر كبيـر - تهـران، ايـران، ١٣٧٥ه.ش، ص٩٠، عەلـی ئەلنەقـی ئەلحوسـێنی: مێـژووی (٦٤١) سـاڵەی فەرمانڕەوايانـی ئەردەڵانييـەكان لـە ناوچـەی كوردسـتانی ژێـر دەسـەڵاتی ئێرانـدا، وەرگێڕانـی لـە فارسـييەوە: ئاسـۆس هـەردی، پياچوونـەوەی: حەسـەن عەبدولكەريـم، چاپـی يەكـەم، كۆمپيووتـەر و ئۆفسـێتی دەزگای سـەردەم - سـلێمانی، هەرێمـی كوردسـتانی عێـراق، ٢٠٠٢ز، ل٧.
١٢. حوسـێن نـازم بـەگ: مێژووی ميرايەتی بابان، وەرگێڕانی: حوسێن حەسـەن كەريـم و سديق ساڵح، چاپی يەكەم، چاپخانەی شڤان - سلێمانی، هەرێمی كوردسـتانی عێـراق، ٢٠١٢ز، ل٢٧، نەوشـيروان مسـتەفا ئەمين: بـەدەم ڕێگاوە گوڵچنيـن - مێـژووی سلێمانی، چاپی يەكـەم، دار العربيـة للعلوم ناشـرون - بيـروت، لبنـان، ٢٠١٤م، ٤٣/٣/١.
١٣. : قامـوس الاعـلام، الطبعـة الاولـی، بـولاق - القاهـرة، مصـر، ١٢٤٨م، وشـەی (موكريـت).
١٤. محەمـەد جەميل ڕۆژبەيانـی: فەرمانڕەوايانـی موكريـان، چاپی يەكـەم، دار الحريـة للطباعـة والنشـر - بغـداد، عێراق، ١٩٩٢ز، لـل٨ - ٩.
١٥. عباس قديانی: تاريخ فرهنگ و تمدن در ايران در دوره ساسـانی، چـاپ چهـارم، انتشـارات فرهنگ مكتوب - تهران، ايران، ١٣٨٧ه.ش، ص١١٨.
١٦. قديانی: س.پ، ل٤٩.
١٧. ا.ن. خاڵفيـن: خەبـات لـە ڕێـی كوردسـتاندا، وەرگێڕانـی: جـەلال تەقـی، ڕێـگا يەكـەم، چاپخانـەی ڕاپەڕيـن - سـلێمانی، عێـراق، ١٩٧١ز، ل١٧، نازنـاز محەمـەد عەبدولقـادر: س.پ، ل٤٨.
١٨. : خەبات لە ڕێگای كوردستان، ل١٧.
١٩. نەوشـيروان مسـتەفا ئەمـين: كـورد و عەجـەم، ل١١٢.
٢٠. نەوشيروان مستەفا ئەمين: س.پ، ل٦٤.
٢١. پيگولوسكايا و ديگران: ايران از دوران باستان تـا پايان سده هجدهم، ترجمـه: كريم كشـاورز، چـاپ پنجـم، أنتشـارات پيـام - چاپخانـه مـروی، تهـران - ايران، ١٣٦٣ه.ش، ص٤٤٠.
٢٢. د. سـعد بشـير اسـكندر: قيـام نظـام الامـارات فـي كردسـتان و سـقوطه مـا بيـن القـرن العاشـر ومنتصـف القرن التاسـع عشـر - نبـذة تاريخيـة عـن اهميـة السياسـة وارثـه الثقافي، تقديـم ماموسـتا جعفر - فاضـل كريم محمـود، الطبعـة الثانيـة، مطبعـة شـفان - السـليمانية، اقليم كردستان العراق، ٢٠٠٨م، ص٧٠.
٢٣. نەوشـيروان مسـتەفا ئەمـين: كـورد و عەجـەم، ل١٠٧.
٢٤. : الشرفنامة، ص٤٨٥.
٢٥. نازناز محەمەد عەبدولقادر، ل٤٨.
٢٦. : مشـاهير الكـرد وكردسـتان، اعـداد: رفيـق صالـح، الطبعـة الاولـی، مطبعـة شـفان - السـليمانية، اقليـم كردسـتان العـراق، ٢٠٠٥م، ١٤٢/١، بابانـی: س.پ، ل١١٠.
٢٧. : مێژووی ميرايەتی بابان، وەرگێڕانی: حوسـێن حەسـەن كەريـم و سـديق سـاڵح، چاپـی يەكـەم، چاپخانـەی شـڤان - سـلێمانی، هەرێمـی كوردسـتانی عێـراق، ٢٠١٢ز، ل٢٧.
٢٨. : دراسـات وثائقيـة فـي تاريـخ الكـرد الحديـث وحضارتهـم، الطبعـة الاولـی، دار الزمـان للطباعـة والنشـر والتوزيـع - دمشـق، سـورية، ٢٠١١م، ص١١٤ - ١١٥.
٢٩. : ئێرانـی سـەردەمی سـەفەوی، وەرگێڕانـی: سـەلاحەددينی ئاشـتی، ڕێگا يەكـەم، چاپخانـەی شـڤان - سـلێمانی، هەرێمـی كوردسـتانی عێـراق، ٢٠٠٦ز، ل٢٣.

٣٠. بدلیسـە: س.پ، ل٤٨٥، محەمـەد ئەمیـن زەکـی: خولاصـە، ٢٣٧/٢، نەوشیروان مستەفا ئەمین: کورد و عەجـەم، ل٦٤، بابـان: مێژووی کورد و کوردسـتان، ل١٧٩.

٣١. بدلیسـی: س.پ، لـل٤٨٥ – ٤٨٦، واسـیل نیکیتیـن: کـورد و کوردسـتان، وەرگێڕانـی: خالیـدی حیسـامی (هێـدی)، چاپـی یەکـەم، هەولێـر، هەرێمـی کوردسـتانی عێـراق، ١٩٩٨ز، ل٤٨١ – ٤٨٢، نازنـاز محەمـەد عەبدولقـادر: س.پ، ل٤٩ – ٥٠

٣٢. بدلیسـی: س.پ، ل٤٨٦، محەمـەد ئەمیـن زەکـی: خولاصـە، ٢٣٧/٢، نەوشیروان مستەفا ئەمین: کورد و عەجـەم، ل٦٤، بابـان: مێژووی کورد و کوردسـتان، ل١٧٩.

٣٣. بەپێی ئـەو ڕێکەوتنامەیـە، کە لەلایـەن یەکێک لـە ڕاوێژکارەکانـی (سـوڵتان سـەلیمی یەکەمـی عوسمانی) بەناوی (مـەلا ئیدریسی بەدلیسی) میری میرنشـینی بەدلیس ئامادەکرا و سـوڵتانی عوسمانی واژۆی لەسـەر کـرد، پشـتگیری میرنشـینەکان و هۆزەکانی کوردی بۆ سـوڵتان و دەوڵەتی عوسمانی مسـۆگەر کرد. ڕێکەوتننامەکەش لەگەڵ میر و هۆزە کـوردەکان لـە (١٥ی تشـرینی دووەمـی١٥١٥ز) بـە کۆتایـی هـات و تێیـدا نزیکـەی (٤٤) میـر و سـەرۆک هـۆز و سـەرۆک خێڵـی کورد پشـتیوانییان بۆ سـوڵتان و دەوڵـەتـی عوسـمانی ڕاگەیانـد. ڕێکەوتننامەکـەش ئـەم خاڵانـەی لـە خـۆ گرتبـوو:

أ. سـوڵتانی عوسـمانی پارێـزگاری لـە سـەربەخۆیی میرنشـینە کـوردەکان بـکات و دەسـەڵاتی عوسـمانی هـەر بـە نـاو بێـت.

ب. کـوردەکان لـە شـەڕدا یارمەتـی دەوڵەتـی عوسـمانی بـدەن و ئەوانیش پشـتیوانی لـە کوردەکان بکـەن.

ج. دەسـەڵاتداریتی لـە میرنشـینەکاندا پشتاوپشـت بێـت و لـە باوکـەوە بـۆ کـوڕ بمێنێتـەوە.

د. کـوردەکان زەکات و بـاج و خـەراج و زەکاتـە شـەرعییەکان بدەنـە گەنجینـەی دەوڵەتـی عوسـمانی.

ئـەم ڕێکەوتننامەیـە خزمەتێکی باشـی بـە سـوڵتان و دەوڵەتـی عوسـمانی کـرد، بـەوەی زۆربـەی زۆری هـۆز و میرنشـینە کـوردەکان لـە (شـا ئیسـماعیلی سـەفەوی) هەڵگەڕانـەوەو پشـتیوانی و پشـتگیرییان لـە سـوڵتانی عوسـمانی کـرد، ئەوەش هەڵەیـەک بـوو دەبـوا میـر و سـەرۆک هـۆز و سـەرۆک خێڵەکانـی کورد لـەو کاتـەدا نەیکـەن، بـەڵام ئیتـر کـرا. بـۆ ئـەم مەبەسـتە، بڕوانـە: ((د. کەیـوان ئـازاد ئەنـوەر: س.پ، لـل(٩٤ – ٩٦) )).

٣٤. واسـیل نیکیتیـن: س.پ، لـل٤٨١ – ٤٨٢، نازنـاز محەمـەد عەبدولقـادر: س.پ، ل٤٩ل – ٥٠.

٣٥. د. سعد بشیر اسکندر: س.پ، ل٨٠.

٣٦. بدلیسی: س.پ، لل٤٨٧ – ٤٨٨.

٣٧. بدلیسـی: س.پ، لـل٤٨٧ – ٤٨٨، محەمـەد ئەمین زەکی: خوڵاصـە، ٢٣٧/٢ – ٢٣٨.

٣٨. محمـد امیـن زکـي: مشـاهیر، ١٤٢/١، سـاڵح قەفتـان: سـێ لێکۆڵینـەوەی مێژوویـی، چاپـی یەکـەم، چاپخانـەی چـاپ و پەخشـی دەزگای سـەردەم – سلێمانی، هەرێمی کوردستانی عێراق، ٢٠٠٩، ل٢٧١.

٣٩. بدلیسـی: س.پ، ل٤٩٣، محەمـەد ئەمین زەکی: خوڵاصـە، ٢٣٨/٢.

٤٠. بدلیسـی: س.پ، ل٤٩٣، پەراوێـزی ژمـارە (٦) ـە وەرگێڕ، نازنـاز محەمـەد عەبدولقادر، س.پ، لـل٤٩ – ٥٠.

٤١. واسـیل نیکیتیـن: س.پ، لـل٤٨١ – ٤٨٢، نازنـاز محەمـەد عەبدولقـادر: س.پ، لـل٤٩ – ٥٠.

٤٢. بدلیسـی: س.پ، ل٤٩٨ پەراوێـزی ژمـارە (٧، وەرگێـڕ.